ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## یەکەم هەنگاو لە FireWorks.

نووسەر : Siamend

@: Siamend@All4Kurds.Net

### یەکەم هەنگاو لە FireWorks

پێم وایە هەریەک لەئێمە کەبمانەوێت دەست بە پرۆگرامێک بکەین، حەزدەکەین سەرەتا کورتەیەک لەسەر رووکاری ئەو پرۆگرامە و ئامرازەکان و فرمانەکانی کە لەپەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامەکەدا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی وورده وورده ئاشنابین بە جیهانی ئەو پرۆگرامە. جائەمە بۆ هەریەک لەپرۆگرامەکان درووستە نەخوازە بۆ پرۆگرامێکی جوانکاری و وێبداڕێژێکی وەکوو فایرووکس.
ئێستا کە پرۆگرامە دادەگیرسێنین پەنجەرەی یەکەمی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەبێت بزانین چۆنە؟




1. کردنەوەی گۆڕەپانی کارێکی تازە.
2. فایرووۆرکس ئێکسچەینج زۆر گرنگە لە بەشی تایبەتی خۆی باسی لێ وە دەکرێت.
3. کردنەوەی کارێک یا وێنەیەک وە خستنەناوە بەرنامەکەوە بۆ کارکردن لەسەری.
4. دەتبات بۆ ماڵپەڕی کۆمانیاکە لەسەر تازەترین گۆڕانکاریەکان هەندێک شتی سەرەتای وەکو بیرۆکەیەک لەسەر پرۆگرامەکە.
5. بۆ تازەکردنەوەی پرۆگرامەکەو دەربارەی دوایەمین وەشاندنی.

ئێستا ئێمە ئەگەر کرتەمان لەسەر ژمارە یەک کرد ئەوا بۆ د یاریکردنی گۆڕەپانی کارێکی تازە. لەم بەشەدا ڕێکخستنەکان خۆت دیاری دەکەیت واتا هەر لەقەبارەو پاشبنەماو ڕەسەلوشنی کارەکە.




1. پانی و بەرزی کارەکە جا بە سێنتیمەتر بێت یان ئینج یاپیکسل، زۆرتر پیکسل بۆ کاری وێنە بەکاردەبرێت.
2. هەڵبژاردنی پیکسل ، سێنتیمەتر، یائینج.
3. دانەوەو وکاریگەری لەسەر سێنتیمەتر بەرێژە.
4. بەپاشبنەمای سپی.
5. پاشبنەمای ترانسپەرێنت واتا بێ رەنگ.
6. پاشبنامەیەک بەرەنگەوە.

ئەگەر گۆڕپانێکی تازەمان کردەوە بۆکار لە بەشە هەرە زۆربەکارهاتوەکان کەتوشمان دەبێت وە زۆر پێویستە کاری تێدا بکەین بەشی ئامرازەکانە.




کەهەر یەک لەو بەشانە کارو گۆڕانکاری خۆی دەکات جا شارەزابوونیان پێویستە وەکو دەست پێکێک بۆ ئەم پڕۆگرامە نایابە.
لێرەدا هەوڵدراوە یەکە بەیەک ئەو ئامرازانەتان پێ بناسرێنرێت بەوەرگێرانی بەکوردی بۆ زیاتر ئاشنا بونتان.



لێرەدا هاتینە کۆتای بەشی یەکەم لە هەنگاوەکانی فایرووۆرکس وەکو سەرەتایەک و ئاشنابوونێک، هەرلەم ماڵپەڕەدا هەوڵ دەدرێ هەنگاو بەهەنگاو لەسەرەتاوە تاکو دوایەمین لوتکەتان بەرین بەهیمەتی ئەو کەسانەی حەزیان بەخزمەتی نیشتیمان و کوردە.

لەگەڵ ڕێزمدا

Nov 2005 07

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت